ئەگەر مەلا موستەفا بە ناناوەندییەکەی [لامەرکەزییەکەی] ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕازی ببووایە، چی ڕوویدەدا؟

هەژێن

١١ی ئازاری ٢٠١٦

- ڕێکەوتننامە شومەکەی جەزائیر ڕووینەدەدا ...
- ئاشبەتاڵ شومەکە دەروونی تاکە ڕزگاریخوازەکانی کۆمەڵی کوردی وێراننەدەکرد ...
- پێشلەشکریی "قیادە موەقەتە" بۆ ڕژێمی ئیسلامی ئێران و هێنانەوەی پاسدار بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان ڕووینەدەدا ...
- جەنگی نێوخۆیی ١٩٧٧-١٩٨٧ ڕووینەدەدایەوە ...
- ڕێکەوتنە شومە سێ قۆڵییەکەی دەوڵەتانی عیراق - ئێران - تورکیە ڕووینەدەدا ...
- شەڕێ هەکاری و کۆمەڵکوژکردنی نیئۆ-جەلالییەکان ڕووینەدەدا ...
- ساڵی ١٩٧٨ڕاگواستنی گوندەکان ڕووینەدەدا ...
- جەنگی هەشت ساڵەی عیراق - ئێران ڕووینەدەدا ...
- ئەنفالی بارزانییەکان ڕووینەدەدا ...
- کۆمەڵکوژکردنی ئەندامانی (حشع) لە قڕناقا و پشتئاشان ڕووینەدەدا ...
- هێنانی پاسدار بۆ سەر بیرەنەوتەکانی باباگوڕگوڕ ڕووینەدەدا ...
- بە بەکرێگیراوکردنی "جاشکردنی" خەڵکی ڕاگوازراو و بێکارکراوی گوندەکان لەنێو ئوردووگە و شارەکان ڕووینەدەدا ...
- زیندووکردنەوەی خێڵایەتی ڕووینەدەدا ...
- کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی و بالیسان ڕووینەدەدا ...
- هێنانی پاسدار بۆ هەڵەبجە و کیمیاباران ڕووینەدەدا ...
- کۆمەڵکوژکردنی پیشمەرگەکانی (گوردانی شوان)ی کۆمەڵە ڕووینەدەدا ...
- ئەنفالکردنی قەرەداخ و گەرمیان و ..تد ڕووینەدەدا ...
- هەزاران کەس زیندانی و تیرۆر و لەسێدارە نەدەدران ...
- داگیرکردنی کوەیت ڕووینەدەدا ...
- جەنگی دووەمی کەنداو/ پەلاماردانی عیراق ڕووینەدەدا ...
- ئابلۆقەی ئابووریی دەهە و نێونێك لەسەر عیراق و هەرێمی کوردستان ڕووینەدەدا ...
- سازشی ١٩٩١ بەرەی کوردستانی لەتەك ڕژێمی ئەنفالکەر و پیلانی تێکشکاندنی ڕاپەڕین ڕووینەدەدا ...
- کۆڕەوی ملیۆنی و نەهامەتییەکانی ڕوویاننەدەدا ...
- کوشتوبڕی ڕاپەڕیوان ڕووینەدەدا ....
- تیرۆرکردنی هەزاران ژن پاش ڕاپەڕین ڕووینەدەدا ...
- لێبوردنی گشتی بۆ بەکرێگیراوان بەناوی "چەکداری شۆڕشگێڕ" پێویست نەدەبوو ...
- جەنگی نێوخۆیی ١٩٩٤-١٩٩٨٧ ڕووینەدەدایەوە ...
- گاردی کۆماریی ڕژێمی بەعس و تانکەکانی بۆ هەولێر نەدەهێنرانەوە ...
- سوپای پاسداران بەرەو کۆیە نەدەبرا ...
- هێرشەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بۆ سەر پەکەکە ڕوویاننەدەدا ...
- ساڵی ١٩٩٤کوشتوبڕ و تەقە لە خۆنیشاندەرانی دژی جەنگ نەدەکرا ...
- عیراق نەدەبوونە گەراجی لەشکرکێشی تورکیە و ئێران ...
- ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان نەدەبوونە تاقیگە و مەشقگەی لەشکر و تۆپخانەکانی دەوڵەتانی ئێران و تورکیە...
- عیراق و هەرێمی کوردستان نەدەبوونە بازار و هەڕاجخانە و شوێن چەپاوڵی کۆمپانییە جیهانییەکان ...
- نەوتی عیراق تالانفرۆشنەدەکرا ...
- سامانی سروشتیی هەرێمی کوردستان تالان و خاکی کوردستان کوناودەر نەدەکرا ...
- ڕێکەوتننامەی پەنجا ساڵی نەوت لەتەك دەولەتی تورکیە واژۆنەدەکرا ...

- کەرتە گشتی و دەوڵەتییەکان پارتیی و تایبەتینەدەکرانەوە ...
- ئەو هەمووە گروپ و پارتییە ئیسلامییە دروستنەدەبوون ...
- جەنگە نیوخۆییەکان لەتەك ئیسلامییەکان ڕوویاننەدەدا ...
- ژنکوژی نەدەبووە شوناسی خەڵکی هەرێمی کوردستان ...
- نووسەران و ڕۆژنامەنووسان تیرۆرنەدەکران...
- ئێستا هەزاران ئازیزی لەسێدارەدراو و کوژراو و ئەنفالکراومان لە ژیاندا دەبوون ...
- چەند ملیۆن کورد و عیراقی ئاوارە نەدەبوون ...
- داعش دروستنەدەبوو و نەدەهێنرایە عیراق ...
- جارێکی دیکە لە هەزارەی سێیەم ئێزیدییەکان جینۆسایدنەدەکرانەوە ...
- ژنانی مەسیحی و شەبەك و ئێزیدی نەدەکرانە کەنیزەك ...
- بازرگانانی سەر بە (پدک) و (ینک) نەوت و گازی داعش'یان ساخنەدەکردەوە ...
- هەڵبەتە ئەوەش بڵێم، کە (بارزانی) و (تاڵەبانی) و ئەوانی دیکە نەدەبوونە یەکەمین ملیاردلێری یەکەمی خۆرهەڵاتی ناوین، هەر ئاوا کاسەلێس و دەربارەکانیان نەدەبوونە کەڵەگای ڕاسەری کۆمەڵی هەرێمی کوردستان و دروستکەری ئاژاوە لە "ڕۆژاوا" و باکوور ...
- زۆر شتی دیکە، کە ئێوەی خوێنەر لە من باشتر ئاگاداریان هەن و وردتر دەیانزانن ...

بەڵام، ئەو ڕاستییەمان لەبیرنەچێت، ئەگەر بڕیاری تەقەکردنەوەی بارزانی بە فەرمانی شای ئێران و دەوڵەتی ئەمەریکا نەبووایە، زۆرێك لە نووسەران و "چالاکان" و پسپۆڕان و ..تد میدیاکارانی زماننەزانی ئێستای هەرێمی کوردستان ناویان لە کوڵەکەی تەڕیشدا نەدەبوو، شارێکی بێبەرهەمی وەك سلێمانی نەدەبووە پێگەی دەیان ملیارلێر و سەدان ملیۆنێر، ئیدی با هەولێر و دهۆك و (سەری سپی) لەولاوە بوەستێت.

لەبەرئەوە و لەسەر ئەو بنەمایە، بەدڵنیاییەوە سازشکردن لەتەك دەولەتی عیراق ساڵی ١٩٧٥ هەم دەبووە ڕێگر لە وێرانبوونی کوردستان و هەم بوار بۆ ڕۆشنبیربوون و هوشیاربوونەوەی جەماوەریی و هەڵکشانی کولتووریی و کۆمەڵایەتی دەرەخسا و هەم دەوڵەتان و کۆمپانییەکانی ئێران و تورکیە و دەوڵەتان و کۆمپانییە جیهانخۆرەکانی دیکەی ناوچەکە و جیهان لە بەرەکەتی جەنگەکانی نێوخۆ و دەرەوەی عیراق بەهرەمەندنەدەبوون.

ئایا ئێستا بە شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو بزووتنەوە چەکدارییەی کورد، کە ساڵی ١٩٧٦ سەریهەڵدایەوە، بێجگە لە ماڵوێرانی کوردان و ئەو نەهامەتییانەی سەرەوە و خزمەتکردن بە دەوڵەتانی داگیرکەر هیچی دیکەی سەرەنجام بووە یا بەرهەمهێناوە؟

ئایا ئەنفالکران و کوژران و لەنێوچوونی هەزاران مرۆڤی کورد و عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشووری و وێرانبوونی ژینگە لەو جەنگە نێوخۆیی و دەرەکییانەدا، بێجگە لە قوربانیبوون بۆ بەدەسەڵاتگەیشتنی تاڵانکەران و گەندەڵان و ملهوڕانی ئێستا و ڕێگەخۆشکردن بۆ دیکتاتۆریی سەرانی کورد و شیعە و سوننە لە سەرەتای هەزارەی سێیەم، هیچی دیکە بووە؟